# دوو نامە لە نەجیبە خانی کچی (مەلا محەمەدی کۆیی)ـەوە بۆ م. تایەر ئەحمەد حەوێزی

**ئا: سەرنووسەر**

*** نامەی یەکەم**

برای موحتەرەم کاک تاهیر

ڕۆژباش

دیارە جەنابتان (دیاری)(١) (مەلا محەمەدی کۆیی)تان بەرچاو کەوتووە و ڕەنگە چاکیش سەرەتایەکەتان خوێندبێتەوە، لە جێیەکی گیو(٢) نووسیویەتی (مامۆستای مەزن لە پێشدا ڕقی لەوانە بوو کە ئایین دەشێوێنن و ئاوڕێکی لە نیشتمان نەدابووەوە) هتد. نووسیویەتی (دوو جارانیش حوزنی لە ڕواندز بەپێیان چووە کۆیە، پێی ناوێ هەمووی بنووسم، جەنابت باسەکە جوان بخوونەوە)(٣).

نووسیویەتی مەلای کۆیی شیعری دانا و لۆی هەناردە ڕواندزێ، (حوزنی)ش لە چاپی دا. من ئەو دەمە منداڵ بووم، ئەو سوئالەم لە کاک مەجید(٤) و مەلا فەتاحی(٥) خزمان کرد، کاک مەجید گوتی ئەو قسە(یە) هیچ وا نییە، ئەمن نایەتە خەیاڵم حسێن حوزنی هاتبێتە کۆیێ، مەسئەلەی چاپکردنی شیعرەکانیش سەید ئەحمەدی سەید مەلا وەلی «و» (٦) تاهیری مەلا سادق(٧) لۆ خوێندن چوونە بەغدایێ، لەوێ شیعرەکانی جەنابی مەلا باس دەکەن «و» بۆ تەلەبە کوردەکانی دەخوێننەوە، (مەحموود جەودەت)(٨) کە پیاوێکی ناسیاری کورد دەبێ و کوردپەروەر دەبێ، شیعرەکانی زۆر پێ خۆش دەبی، داوایان لێ دەکات، ئەوان دەڵێن هەمووی نازانین کە هاتنەوە کۆیێ بە منیان گوت، منیش بەخەتی خۆم لۆم نووسینەوە، شیعرەکانیان برد لۆ (مەحموود جەودەت)ی، (مەحموود جەودەت)یش دەیداتە حوزنی موکریانی، ئەویش تەبعی دەکات، ئەو(ە) قسەی کاک مەجید بە مەلا فەتاح گوتی (من جارەکم حوزنی دیتییە لە مزگەوتی(٩) گەورە لە خزمەتی باوکت، بەڵام ئەو هاتنە لە پاش تەبعی شیعرەکان بوو، جارەکیش گیو هەناردی کاکە سەعد هەندە شیعر و تەرجەمەی باپیرم و بابم و (داکە زەینە«ب»)ی(١٠) لۆ نووسییەوە، گۆیا کتێبێکی دەردەچوێنێ بەناوی شاعیرانی کورد.

جارێکی گیو هاتە کۆیێ، ئەمن (فڕی فڕی قەل فڕی)م(١١) بە خەتی مەلا فەتاحی نووسیبووەوە، بەبێ ئاگاداری من مامم دابوویە گیوی موکریانی، لە ساڵی ١٩٥٣ لە سلێمانی حەمەعەلی مامم هات گوتی گیو دەڵێ (فڕی فڕی)م لۆ بنووسەوە، حەمەعەلی بەخەتی خۆی لۆی نووسییەوە، لۆی بردە هەولێرێ.

شیعرەکانی پێش، ئی بابم کە ئەمن منداڵ بووم نازانم کوو نووسرایتەوە، کەمیشی ماوە، بەڵام ئەوەی لەو ئاخرەی داینایە هەمووم نووسیتەوە، بە خەتی مەلا فەتاح و کاکە سەعد و خۆم لە دیوانەکیدایە، لە مانگی

شەعبانی ئەوساڵ کە دەکا مارسی ١٩٥٨، ڕۆژەکی کاکە سەعد دەچووە هەولێرێ، لە ماڵێ ڕۆیشت، منیش لە ماڵ نەبووم، کە هاتمەوە کاغەزەکیان دامێ گۆتیان کاکە سەعد هەناردیەتی، کە تەماشام کرد کاغەزی گیوی موکریانی بوو لۆ کاکە سەعدی نووسیبوو، کە بە تەمام دیوانی باوکت تەبع بکەم، ئەگەر هیچ شیعرتان لایە بۆم بنێرن تاکو دیوانەکە نموودی هەبی، شیعرەکانی کە پێشی لە چاپ دراون کە من کاکە سەعدیش بۆ منی نووسی، ئەمن ئەوا دەڕۆم، ئەگەر هەیە شیعرم لۆ بنێرن هەتا هاتمەوە لە ماڵان، کاکە سەعد لە گەراجی نەمابوو، ڕۆیشتبوو، دوایی شیعرەکانم نووسیبیەوە، بە واستەی حەمە عەلی مامم لۆم هەنارد.

قەتم پێ شک نایێ، بابم بە مامدا شیعری لۆ هەناردبێ و گوتبیشی تەبع نەکا هەتا ماوم، چونکی مامم قەڵەمی شت نووسینەوەی نەبوو، ئەوەی نووسرابیتەوە، ئەمن نووسیتمەوە.

ڕاستە خزمەتی کردییە، موکریانی تەبعی کردییە، بەڵام وا باشە ڕاستی کووە، ئەوها بنووسرێ و وا لە عالەم دەگەینی کە حوزنی موکریانی ڕێی پیشانی مەلای گەورە نەدایە، مەلای گەورە چی نەکردییە، وا بۆ مەعلوومات



ئەو باسانەم لۆ نووسین، جەنابیشت بە کوردییەکی جوان و ڕێکوپێک بینووسەوە، لۆ مجەلەیەک، جەریدەیەکی بنێرە و ئەگەر لات پەسندە، ئیتر خۆشیت.

خوشکت جەلی زادە

ئیمزا

**(١) دیاری: ناوی کۆشیعرێکی (مەلا محەمەدی کۆیی)یە کە پێشتر لەلایەن (حوسێن حوزنی موکریانی)یەوە چاپ کراوە.**

**(٢) گیو: مەبەست (گیوی موکریانی)یە.**

**(٣) بخوونەوە: بخوێنەوە، کۆییەکان بەم شێوەیە ئەم وشەیە گۆ دەکەن.**

**(٤) کاک مەجید: مەبەستی م. مەجید نوورەددین جەلی زادەیە.**

**(٥) مەلا فەتاحی شارەوانی (١٩٠٩-١٩٩١)، ناوی تەواوی عەبدولفەتاح عیزەت حەبیب ئەسعەد جەلی زادەیە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ لە شارەوانی کۆیە ژمێریار بووە، دوایی بووەتە سەرۆکی فەرمانگەی کارەبای کۆیە، بەوە ناسراوە کە کەسێکی دڵسۆز و دەستپاک بووە لە پیشەکەیدا.**

**(٦) سەیید وەلی قادر سەیید عومەر بەرزنجی (١٩١٩- ٢٠٠٣/٢/٢٨، شەوی هەینی)، ئەهلی تەقوا بووە، باسی کەراماتی دەکەن، لە سەرەتای حەفتاکان تەکیەیەکی گەورەی لە گەڕەکی قەڵات بۆ دروست دەکەن، تەکیەکە بە خانەقای سەیید وەلی ناسراوە، هەر لەناو خانەقایەکەش لەگەڵ ژنەکەی لە ژوورێکی تایبەت نێژراون.**

**(٧) م. تاهیر مەلا سادق ئەحمەد (١٩١٢- ١٩٨٤/١١/٥)، بە (طاهر ئەفەندی) ناسراوە، کوڕی گەورەی مەلا سادق (١٨٨٠- ١٩٥١) بووە، لە شاری کۆیە، گەڕەکی بایزاغا لە دایک بووە و لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. پیاوێکی گەورە و بە هەڵوێست بووە، چەندان ساڵ لە شاری کەرکووک ژیاوە و ماڵەکەی مەکۆی پیاوی گەورە و ماقوولان بووە، خاوەنی کتێبی (ڕێنووسی کوردی)یە، واتە چۆنیەتی نووسینی کوردی.**

**(٨) مەحموود جەودەت: (١٨٨٩ - ١٩٣٧)، کوڕی ئەحمەد جەودەتی کوڕی مەحمووداغای بچکۆلەیە، لە**



**ئەستەمبووڵ خوێندوویەتی، دواتر کراوە بە ئەفسەری دوو ئەستێرە، ساڵی ١٩١٩ هاتووەتە سلێمانی و لە سوپای کوردستاندا هاوکاری شێخ مەحموودی حەفیدی کردووە، لە ساڵی ١٩٢٤ چووەتە سوپای عیراقەوە و گەیشتووەتە پایەی ســـەرۆکی یەکـــەم (رئیس أول)، دوای لە سێدارەدانی (ئەحمەد حەمدی ساحێبقڕان و شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران و پیرەمێرد) شیعریان بۆ وتووە.**

**(٩) کاکە سەعد: مەبەستی لە م. مەسعوود محەمەدە کە لە ماڵەوە بەو ناوە بانگیان کردووە.**

**(١٠) داکە زەینەب: مەبەست لە (حەزینە)ی شاعیرە کە ئافرەتێکی شاعیر بووە و لە کتێبی (کۆیە و شاعیرانی) م. کەریم شارەزا باسی لێوە کراوە.**

**(١١) ناوی کۆشیعرێکی دیکەی (مەلا محەمەدی کۆیی)یە کە لەلایەن م. گیوی موکریانی چاپ کراوە.**

**(١٢) حەمە عەلی شێخ نوورەددین، عەبدوڵڵا جەلی زادە (١٩٢٦- ٢٠١٩)، برازای مەلا گەورەی کۆیەیە، شێخ نوورەددین و مەلای گەورە لە باوکەوە برا بوون، لە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار ماوەیەک سەرۆکی شارەوانی کۆیە بوو، دایکی باوکی ناوی (حەزینە) بووە، کە ئافرەتێکی شاعیر بوو، لە ڕۆژی ٢٠١٩/٢/٩ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە.**

*** نامەی دووەم**

کۆیە

١٩٦٢/١١/٢

**برای بەڕێز کاک تاهیر ڕۆژباش**

وشەکە ئی وەی نییە سەرت لێ دەرنەچی، (خربندەگی میسقوف میکوند)، یەعنی (کەربەندەی مۆسکۆی دەکا). موسقوف = مۆسکۆبە (مەرامی باپیرم ئەوە بوو من کەربەندەی موسکۆف نەکات، لەگەڵ خەلیفەی موسڵمانان ڕێک بێت باشە. وشەیەکی بە مەعنایە و لە جێی خۆیەتی، لە زاری مامم بیستییە، لۆ خۆم نووسیومەتەوە، دوێنێش وشەکەم بە کاکە سەعدی گوت، گوتم ئەوە ڕاستە، گوتی ڕاستە، ئیتر بژی بە خۆشی.

**خوشکت نەجیبەی مەلای گەورە**